**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمووارکراو ، بڕیارماندابە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٢ پەسەندی کردووە.

**بڕیار**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١) ی ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ،پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٠٢٠/١/١٢ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم: ئەم بۆنانەی خوارەوە بە بۆنەی فەرمی بۆ پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت:**

**١-** (١٧)ی مانگی (١١)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی زمان و کولتوری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.

٢-(٢٥)ی مانگی (٢)ی هەمووساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.

**دووەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**سێیەم:**ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بۆ بە فەرمی کردنی بۆنە نەتەوەیی و کولتوریەکانی پێکهاتەی تورکمان، و پتەوکردن و دەوڵەمەندکردنی فرەیی کولتوری لە هەرێمی کوردستان ، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٠/٢/١٠**